# بەردی تورکمان و کانیاوی کوردا!

لۆزان هەورامی*

تورك کەلەسەرەتادا بە (ئەشینا– واتا گورگ) بەناو بانگ بوون، تاهەنوکە ڕەگ و ڕەچەڵەکیان لەژێر تەمیمێژوودایە بەحوکمی درەنگ بڵاوبوونەوی نوسین لەناو گەلەکەیاندا، بەتایبەت کە گەلێکی ئاژەڵداریی دواکەوتووی دوور لەمەڵبەندە شارستانییەکان بووە. وەلێ بەپێی هەندێ سەرچاوە لەسەرەتای دەرکەوتنیاندا لەباشوری بنارە بەناوبانگەکانی زنجیرە چیای ئاڵتا ژیاون[1]. دواتر چەند هۆزێك لە تورك جیابوونەوەو ناوی تورکمانیان بەسەردا دابڕاو ئەم تورکمانانە لەڕێی پەلاماردانی ناوچە شارنشینەکانەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەمدا" بەزۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیناوەراستدا بڵاوبوونەوە. وەك هێرش و پەلامارەکانی ساڵی (١٠٢٩) بۆ سەر شاری ڕەیو هێرشی هەمان ساڵیان بۆ ناوچەکانی هەمەدان و ئەسەدئابادو دێهاتەکانی دینەوەر (کرماشانی ئێستا)[2] و کۆمەڵێك هێرشی یەك لەدوای یەکیتر بۆ دەستگرتن بەسەر خاکە بەپیتەکانی عیراقدا.

مانەوەی کەمینە تورکمانەکانی ئێستای کوردستانیش" میرات و بەرهەمی ئەو داگیرکارییانەیانە کە لەسەدەکانی دەیەمەوە کردوویانەتە سەر عیراق و ناوچەی کوردستان کەلەو سەردەمەدا چەندین میرنشینی کوردیی حکومڕانیان دەکرد. وەلێ ئەوەی لێرەداجێی بایەخی ئێمەیە مەسەلەی هەنوکەیی تورکمانەکانی کوردستانە کە سەرەرای ئەوەی وەك باقی کەمینەکانیتر بێ هیچ قوربانیدان و ڕشتنی ئارەقەی خەبات" وەك ڕەجەبی سەرپاڵە لەهەرێمی کوردستاندا لەتەرپیدا دەخۆن و لەووشیکدا دەنوون" لەبری ئەوەی دوعای تەمەندرێژی بۆ ئەزموونەکە بکەن، بەبەردەوام سەرگەرمی پلانگێڕانن و بوونەتە دەستکەلای تورکیا تاوەکو وەك کارتێك بۆ تێکدانی بارودۆخەکەو ناشرینکردنی وێنای کوردی بەکاربهێنرێن. دیارترین نمونەش بەشداری نەکردنیان بوو لە هەڵبژاردنی (١٩٩٢) ی هەرێمی کوردستاندا[3] لەکاتێکدا ئەم هەڵبژاردنە نایابترین هەوڵی پیادەکردنی سیستەمی دیموکراسیی بوو لە عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەشایەت عەیانی زۆربەی ئاژانسە هەواڵیو رادیۆییەکانی نمونەی ( ئەمریکا، مۆسکۆ، مۆنتی کارلۆ، لەندەن، ئیسرائیل، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بولغاریا، هۆڵەندا) و سەدان چاودێری بیانی[4]" کە ئامادەی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بوون.

بەڵام سەرەڕای ئەو مامەڵانەش، بوونی ڕۆحی تەفاهوم و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەلای گەلی کورد" بەهەمان ئەندازەی کورد مافیان بۆ دابینکراوەو لەسایەی سەری گەلیکوردەوە ئێستا خاوەنی دەیان حیزبن و بەزمانی خۆیان تەلەفزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامەو گۆڤاریان هەیەو بەئازادانە حەیران بەباڵای خۆیان و تورکیادا هەڵدەڵێن.

گەرچی دەبێ ئەوەش بەخوێنەری بەڕێز بڵێم، ئەز وەك تاکێکی کوردی باوەرم بەهەمەرەنگی دەنگەکان و ژیانی برایەتی هەیە، وەلێ ئەمە نابێ وامان لێبکات ئەوە لەبیر بکەین کە لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی (ماف ڕوویەکیتری ئەرکە) ، مادام تورکمان مافەکانیان دابینکراوە لەبری ئەوەی هەوڵی پراکتیزەکردنی ئەرکەکانیشیان بدەن" بە گۆشەی (١٨٠ پلە) دژی ئەرکەکانیان بن و دان بەحکومڕانیەتی کوردیشدا نەنێن و لەسەر سیاسەتی (مافی خۆم بۆ خۆم هی کوردیش وەك گەزۆ ئەخۆم) بەردەوامبن و ببنە داردەستی تورکیا. چونکە بەدڵنیاییەوە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیەو جگەلەوەی مێژوویەکی ڕەش بۆ خۆیان تۆمار دەکەن، تورکیاش بەدڵنیاییەوە دڵسۆزیان نیەو تەنها وەك کۆنترۆڵ بەدەستێك دەخوازێت مەسەلەی تورکمان بکاتە ڕۆبۆتێکی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی لەعیراقدا. باشترین نمونەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە ئەگەر تورکیا لەخەم مەسەلەی تورکمانە هەروەك (مامۆستا تاڵەبانی) لەکۆبوونەوەکەی ئەم دواییەی تورکیادا فەرمووی: بۆچی لەسەردەمی زوڵم و جەوری ڕژێمی بەعسدا تورکیا بەهانای تورکمانەوە نەدەهات؟.

بەڵام بەداخەوە حیزبە تورکمانیەکان و بەتایبەت بەرەی تورکمانی هەروەك پەندە کوردییەکە گووتەنی (تینی. . . . . شیان تێکردووە) بۆ تێکدانی بارودۆخی ناسکی کوردستان و عیراق و تائێستا سەرەرای راگەیاندنی پرۆژەکەیان کەلەژێر ناوی (پرۆژەی تورکمانی بۆ دەوڵەتی عیراقی ئایندە) [5] کەلە تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ دا بڵاویانکردەوە و تیایدا لەناواخنی پرۆژەکەیان بۆ دەوڵەتی عیراقی ئایندە چاویان لە مەسەلەیکوردو خاکەکەی قوچاندبوو" تاهەنوکە چەندینجار بانگهێشتی سوپای تورکیایان کردووە بۆ سەرخاکی کوردستان. . . .

دواجار هەرچەندە ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێت، بەڵام بالێرەدا بەس بێت بەڵکە سەرانی تورکمان بەخۆداچوونەوەیەکی گشتیو واقیعبیانە دەست پێبکەن" چونکە بەدڵنیاییەوە سیاسەتی بەردگرتنە کانیاوی کوردی" خنکاندنی ناو ئەو کانیاوەی لەدوایە!.

Lozan hawrami@yahoo.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

---

[1] – بنۆرە: تورکمان و رەچەڵەك و مێژووی دەرکەوتن، یوسف گۆران. گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوی ستراتیجی، ژمارە (٣٠).
[2] – هەمان سەرچاوەی پێشوو
[3]- Los Angeles Times: Kurdish Enclave Shows how Lraq Could Prosper> Robin Wright" December 1 - 2002
[4] – بنۆرە: هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بەڵگەو دەستهاوێژ. چاپی یەکەم . لاپەرەکانی (١٣، ١٦٠–١٧٧).
[5] – بنۆرە: گۆڤاری گولان. ژمارە (٢٥٣)